# ڕاپۆرتە هەواڵێک لەسەر گرتنی کۆڕێک بۆ بەڕێز" ڕەزای کەعەبی" لێپرسراوی سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان/ ئێران پەیامنێری کوردستان نێت/ ئۆتاوە- کەنەدا شەیدا بڵباس

لەهۆڵی زانکۆی ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا، ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی26، نۆڤێمبەر، بەڕێز کاک ڕەزای کەعبی.. کۆڕێکی بۆ سازدرا. گفتوگۆکانی بەڕێز لەسێ تەوەری جیادا کەوتەباسەوە:

1- بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لەناو قەیرانەهەنووکەیەکان.
2- ڕاپەرینەجەماوەریەکەی هاوینی ئەمساڵ و دەرەنجامەکانی.
3- موژدەی کردنەوەتەلەسەتەلایتی" ڕۆژهەڵات" بەمزووانە.

لەماوەدرێژ بوونەوەی چوار کاتژمێری ڕەبەق، بەڕێز لێپرسراوی کۆمەڵە زۆر بەزیرەکانە چووە ناو باس و بابەتەکان و بەشێوەیێکی ووردبینانە دەرگای بۆ چەندین پرسیار و وەڵامی ژیربێژانە، کردەوەو مامەلەی لەگەڵ کرد. ئەوەی جێگای سەرنج بوو، ماوەیێکی درێژەلەم شارەبۆنی کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی کەمبۆتەوەو، لەکەژێکی دیموکراتیانەش، کۆتایی پێهات.
بەڕێز لەکاتی شیکردنەوەی بابەتەکان، کەبەمیکانیزمێکی زۆربەی زۆری وەڵامەکانیشی لەخۆ گرتبوو؛ ئاماژەی بەگرنگێتی بارودۆخی کوردستان و ڕۆڵی لەگۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشێوەیێکی سەرەکی خستەبەر ڕۆشنای لێکۆڵینەوە.. لەهەمان کاتیش لەسەر ئەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەی، کەڕوو بەڕوو ی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆتەوە، چ لەناوەوەو چ لەدەرەوە، کەنزیک بوونەوەی مەرگی یەکجارەی، بۆتە مۆتەکەی سەر ڕوحی و لەپەلەقاژێی کۆتایی دایە.
کۆماری تۆلیتاریزمی حزب الله لەئێران، دوای 25 ساڵ لەحوکم هەرگیز نەیهێشتوە هیچ ئەڵتەرنێتڤێک دروست بێت، بەگرتن و کوشتن و ترۆرکردن. کۆمەڵەبانگەوازی دوور و نزیک بۆ هێنانەئارای بەرەیێکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕی کوردستان لەکۆی سەرجەم پارت ڕێکخراوەکان، بیری لێکراوەتەوەو لەهەوڵدانیدان. چونکەستراتیژی کۆمەڵەکوردستانییەو لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی ئێرانیش هاوئاهەنگی دەکا بۆ ڕوخانی ڕژێمەبۆگەنەکەی قوم وتاران.
دوای ڕاپەرینەکەی هاوینی ڕابردووی کوردستان، وەک لایەنگرو ڕێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵەپشتگیری لەکارەساتی شوانەکردو هەڵەکەی قۆزتەبۆ ناو دەرەوەی بازنەداخراوەکە، کەئێران زیاتر خەفەی کردبوو، وای دەزانی وەکو سالانی زوو دەتوانێت بەهۆی هێزی ئاگر و ترس ڕاپەریوان سەرکوت بکا.. دیارەخەیاڵی خاو بوو! کۆمەڵەش لەدەرەوەی وولات بۆ پشتگیر ڕژانەسەرشەقام و بەردەم باڵوێزخانەی ترۆرستانیان هەژاند تا بەڕوو دوژمن بدەن، کەسەردەمی توند و تیژی کۆتایی هات و چیتر خوێنی کورد بەهەدەر ناڕوات.. لەدەرگای نەتەوەیەوەیەکگتووەکانەوەبۆ هاواری مافی مرۆڤ هانامان بۆ گشت ئەو شوێنانەبرد، کەوەک ئەرکی شۆڕشگێریمان لەکاردابووین. بەمەش سەلماندمان کەکۆمەڵەڕوحی زیندووی

گەلە. وەهەروەها ئێمەئاگاداری پلانەگڵاوەکانی دوژمنین و ئەوەی لەکوشتن و ترۆرو مەترسیدارترە، دەرمانە بێهۆشکەرەکانە، کەڕژێم بۆ سڕکردنی ڕوحیەتی شۆڕش لەناو لاواندا بڵاوی دەکاتەوە.. ئێمەش تائاستێکی زۆر پێشگرو بەرپەرچدانەوەمان بەگرتنەبەری هۆکار ودژەکاری هەبووە.

لەکۆتایی وەڵامی گشت پرسیارەکان، سووربوونی کۆمەڵەی بۆ بەرەیێکی یەکگرتووی کوردستانی هاوشێوەی باشوری کوردستانی خواست، لەژێر چەتری فیدرالیزمیدا.

ئامادەبووانیش دووبارەبەخێرهاتن و دەسخۆشی کۆڕەکەیان لێکرد.